

REVIN AWDER

نووسینی: ڕێڤین ئاودێر

ناوی پەرتووک: عەجەب

مژار: کۆمەڵایەتی

نووسەر: ڕێڤین ئاودێر

دیزاینی بەرگ: ڕاڤین ئاودێر

پێداچوونەوە و دیزاینی ناوەڕۆک: ڕێڤین ئاودێر

هەڵەچن: ستافی سایتی کوردیپێدیا (زریان سەرچناری)

ئەندازەی پەڕە: (١١.٧ × ١٦.٥) ئینج

ژمارەی پەڕە: ٨٨

ئەم مژارە بۆ تەمەنی سەروو ١٥ ساڵ گونجاوە

ناوەڕۆک :

پێشەکی : ........................................ ٤
وتـــە : ........................................ ٥
چ دونیایەکی سەیرە : ......................... ٦
هەواڵ پرسین :............................... ٩
دۆستی دووڕوو :............................. ١٢
دووری لە خودا : ............................ ١٥
بینایی خەڵک : ............................... ١٩
بێ ئەمەلی : ................................ ٢٢
پەیجە سەقەتەکان : ........................ ٢٥
خۆزگە خوداستن : ........................... ٢٨
باوک و دایک : .............................. ٣١
مەسڵەحەت : ................................. ٣٥
لێبووردەیی : ................................ ٣٩
کاریگەری وشەکان : ........................ ٤١
چاوەڕوانی : .................................. ٤٤
قورس وەرگرتنی دونیا : ....................... ٤٧
سەرکەوتن : ..................................... ٥٠
درۆکردن : ........................................ ٥٣
خیانەت: .......................................... ٥٦
مرۆڤایەتی : ..................................... ٥٨
ڕەفتارەکان : ................................... ٦٠
هاوڕێیەتی : ..................................... ٦٣
بەوەفابوون : ..................................... ٦٦
هەمیشە لە دووەمدا دێیت : ................. ٦٩
بێڕێز سەیرکردن : ............................ ٧٣
خۆشبەختی و ژیان : ............................ ٧٥
سەرت بەرز بکەرەوە : ........................... ٧٨
بەرەو داهاتوویەکی گەشتر : ................... ٨٢
کۆتایی : .......................................... ٨٧
ڕاز : ............................................... ٨٨

# پێشەکی:

سەرەتا بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان ئەم پەرتووکە باس لە بیروڕاکانی خۆم دەکات سەبارەت بەو شتە عەجەب و سەرسوڕهێنەرانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانبینین و دەبێتە هۆی دروستبوونی پرسیار لە نێو مێشکماندا، بابەتەکان گشتگیرن لە نێو زۆربەی ڕووداوەکانی ژیانماندا بوونیان هەیە ، بەڵام ئێمە دوو ڕێگەمان لەبەر دەستدایە لێرەدا ئەویش ڕازیبوونە بەو شتە ناپەسەندانە، یاخود هاتنە دەنگە لەسەری و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکە بۆی ئەگەر لە خودی خۆشتەوە دەست پێبکەیت و هەوڵی چاککردنی بدەیت.

**وتـــە :**

هەندێک جار ئازارەکان کۆدەبنەوە و پەستان دروست دەکەن بەسەرمانەوە ئیتر کە دەری دەبڕن بەو شێوەیە دەمانبینن .


مرۆڤ بەگشتی کە بەرهەمی کاری دەبینێت ماندووبونی لەیاد دەچێت.

کە شەرم نەما چاوەڕێی هـــەموو شتێک دەکرێت .

**" زهره موحسين "**

ڕەنگە شتەکان بەم خراپییە نەبن کە دەیانبینیت، لەوانەیە تەنها چاوەکانت هیلاک بن ..!

**" ڤان کوغ "**



# بابەتی یەکەم

**عەجەب چ دونیایەکی سەیرە لە هەموو لایەکەوە لێت دەدرێت بەڵام هەر دەبێت بەردەوام بیت**

لە ڕۆژگارێکدا دەژین هەمووی هەوڵی ژیانی خۆی دەدات کەس کەسی دیکە ناکاتە پێش خۆی.

هیچ گیانێکی هاوکاری نەماوە، هیچ سیلەی ڕەحمێک نەماوە، هیچ خۆشەویستییەک نەماوە، هیچ ڕێزێکیش نەماوە.

کە نەبوونی ئەمانە سەرچاوەیەکی سەرەکی هەیە ئەویش نەمانی ئایینە،

کەسەکان تەنها بە ناو و لەسەر تەسکەرەکانیان نووسراوە (مسلم) گەرنا بە کردار زۆرمان پێچەوانەیەوەین، لە ڕۆژگارێکدا کە دوو کەس دەستی یەکیان نەگرت تاوەکوو بگەنە لوتکەی شاخەکە، دڵنیا بە ڕۆژێک دێت هەردووکیان دەکەون.

هیچ شتێک لای ئیلاهی ون نابێت.

دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە تا لەگەڵ خەڵک چاک بین زەرەری لێ ناکەین تا ئەو سنوورەی زیان بە خۆت نەگەیێنیت، چونکە خۆت لە پێش هەموویەوەیت.

دڵنیا بە خەڵکیش وا ئەیبینێت، بۆیە هەرگیز خۆت فەرامۆش مەکە لەبەر چواردەورەکەت.


خۆت گرنگترین شتی بۆ خۆت، دەتوانیت یارمەتی خۆت بدەیت ، دەتوانیت کێشەکانی خۆت چارەسەربکەیت، دەتوانیت چاکە و خراپەکانی خۆت دیاری بکەیت، ناتوانیت خۆت هەڵبخەڵەتێنیت لەوە دڵنیا بە.

تا بتەوێت خۆت بەدووربگریت لە کێشەکان و لێیان ڕابکەیت دڵنیا بە خراپتردەبن دەبێت چارەسەر بدۆزیتەوە و بزانیت چی دەکەیت.

خۆت باشترین کەسی بۆ خۆت، بۆیە خۆت بە، واز لە خەڵک بێنە.

خەڵک ڕۆژێک، دوو ڕۆژ، مانگێک،ساڵێک لەگەڵتە و بەرگەت دەگرێت لەوە زیاتر بێزاردەبێت، خۆتت خۆشبوێت، بڕوات بە خۆت بێت خەڵکیش بڕوای پێت دەبێت دڵنیا بە.

خۆت بە...



# بابەتی دووەم

**زۆر جار دەڵێم عەجەب کەس هەواڵێکم ناپرسێت..!**

**لەپڕ بیرم دەکەوێتەوە کە جارێ ئیشیان پێم نییە**

زۆر جار دەڵێم عەجەب، کەس هەواڵێکم ناپرسێت، لەپڕ بیرم دەکەوێتەوە کە جارێ ئیشیان پێم نییە.

ڕۆژگارەکەی تێیکەوتوین وایە تاوەکوو ئیشیان پێت نەبێت نایەن بەلاتدا، کە ئیشیان پێت بوو مەمنونتن، پاشان کە ئیشیان پێت نەمایەوە فەرامۆشت دەکەن. ئەمە پێناسەی زۆرینەی کەسانی ئێستایە.

ئەی بەتەمای چیت لەم ژیانەدا؟ بەتەمایت خۆش بگوزەرێیت لەگەڵ ئەوانەدا؟ بەتەمای کە پێویستت پێیان بوو بێنە لات؟ بەتەمای کە خەفەتت بوو هاوخەفەتت بن؟ بەتەمای کە موحتاج بوویت یارمەتیت بدەن؟

چاوەڕێی چیان لێ دەکەی، باشـــە....!

نا، هەرگیز نایبینی لێیانەوە، ئەوانە لە بنەچەوە بە پیسی هاتوون ئێستا بە دووانی وەکوو من و تۆ ناگۆڕدرێن.

دونیاکە زۆری وایە، خاشاکەکان زۆرترن لە دارەکان، پیسییەکان زۆرترن لە خاوێنی، کارمەندی پاککەرەوەکان کەمن و پیسییەکان زۆرن توانای جڵەوکردن لەدەست دەرچووە.

بەتەمای چیت؟

بەتەمایت لەگەڵ کەسانێک بیت کە جەنگ لەگەڵ خودا ڕادەگەیەنن؟

بەتەمایت لەگەڵ کەسانێک بیت کە دژایەتی ئایین دەکەن؟

بەتەمایت لەگەڵ کەسانێک بیت کە دژایەتی ڕێچکەی ژین دەکەن؟

ئیتر تۆ چیت بۆیان؟ ئەوان دژی ئەو هەموو شتە بووەستنەوە تۆ لە چاویاندا تەنها مێرووولەیەکیت بۆ ئەوەی خیانەتت لێبکەن یان لە پشتەوە خەنجەرت لێبدەن..!

بزانە لەگەڵ کێدایت !

کە ئیشیان پێت نەما وەک کلێنکسەکەی دەستیان فڕێت دەدەن.


بۆیە خۆت قەدری خۆت بزانە.!

بزانە چی بۆ کێ دەکەی؟ چونکە هەموو کەس شایەنی نییە ئەوە دڵنیا بە.

بەردەوامبە لەگەڵ باشەکان.

چارەی ئەمانە لە دەستی تۆ نییە تۆ دەبێت خۆت چاک بکەیت تا لای خودا سەرشۆڕ نەبیت، ئەوان خۆیانن تۆش خۆت بە، مەبە بە کەسی تر چونکە باشترین کەس کە تۆ دەیبینی لەوەیە نیشانەیەکی زۆر ناشرینی تێدا بێت.

بە وریایەوە ڕێبکە جادەکەمان چاڵوچۆڵی زۆری تێدایە.



# بابەتی سێیەم

له دەست دۆستی دووڕوو عەجەب دڵم تەنگە

فیدای ئەو دوژمنە بم کە یەک ڕەنگە

له دەست دۆستی دووڕوو عەجەب دڵم تەنگە

فیدای ئەو دوژمنە بم کە یەک ڕەنگە..!

ئەو وتەیە لە کۆنەوە باوە واتا لە کۆنەوە ئەم باسە هەبووە بەڵام زۆرمان تازە بۆمان دەردەکەوێت.

زۆرجار خۆزگە دەخودازیت بە دوژمنێک کە هەتبێت لەبری دۆستێک چونکە دڵنیایت لە دوژمنەکەت کە زیانت پێ دەگەیەنێت بۆیە لێی بەئاگایت، بەڵام بۆ دۆستەکە هەرگیز بیر لەوە ناکەیتەوە کە ئازار یاخود زیانت پێبگەیەنێت،


بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وانییە بەداخەوە وای لێهاتوە ئەوەندەی ترست لە کەس و دۆستی خۆتە ئەوەندە ترست لە دوژمن نییە.

هۆکاریشی زۆرە زۆر لەوانە: مەسڵەحەت و بەرژەوەندی چونکە زۆر جار خەڵکەکان لەبەر مەسڵەحەتێکی خۆیان ئامادەن بەنرخترین شتی خۆیان واز لێبهێنن تەنها ئەوەندەی ئەو مەسڵەحەتەیان دەست بکەوێت دوای ئەوە ئەو سەرچاوانە فڕێ دەدەن کە لێیەوە بەدەستی هێناوە و وازیان لێ دێنێ تا وای لێدێت سوکایەتی گەورەیان پێ دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچون و پچڕانی زۆربەی پەیوەندییەکان کە کارێکی ئەوەندە قێزەونە لە باسکردن نایەت.

ئینجا هۆکارێکی تر نەبوونی متمانەیە بە یەکدی، متمانە جوانترین شتە کە لە نێوان تاکەکاندا درووست ببێت، تا وەکوو متمانە درووست نەبێت هەرگیز هیچ پەیوەندییەک درووست نابێت، دەبێت زۆر باش لەوە دڵنیا بیت.

هۆکاری تریشمان زۆرە لەوانە دووڕوویی و خەنجەر لێدان لە پشتەوە کە کەسێک پڕ بە دڵ متمانەی پێ دەکەیت بەڵام ئەو دەیخاتە ژێر پێیەوە تا وای لێدێت هیچ حسابێک بۆ نەفس و کەسایەتی تۆ ناکات.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بزانین گەر تۆ خۆت یەکێک نەبیت لەو کەسانە یاخود وات نەکردبێت ئەوا کەم کەس هەیە بەرانبەرت بیکاتەوە بۆیە دەبێت وریا بیت کە هاوڕێیەتی کێ دەکەیت و هی کێ ناکەیت.



# بابەتی چوارەم

دووری لە خودا بریتییە لە دووركەوتنەوە

لەو خۆشبەختییەی  بۆ تۆ دانراوە

دووری لە خودا بریتییە لە دوورکەوتنەوە لەو خۆشبەختییەی بۆ تۆ دانراوە لەم دونیا کە دەتگەیەنێت بە خۆشییەکی هەتاهەتایی، بەڵام زۆرمان خۆمانی لێ بێئاگا دەکەین لە کاتێکدا زۆر بەباشی دەزانین کە کامە ڕێگە ڕاستەکەیە بەڵام زۆرجار بەهۆی تەنبەڵییەکەوە یان حەز و ئارەزوییەکی کاتیی کە وات لێ بکات دوور بکەویتەوە کە هەڵەیەکی زۆر باو و گەورەیە کە زۆر کەممان لێی بێبەشین.

دووری لە خودا تەنها بریتیی نییە لەوەی تۆ نوێژ و ڕۆژوو ناکەیت ئەمە بەشێکێتی، بەڵام هەزاران بەشی تر هەن کە تۆ دووردەکاتەوە لە خودا کە ئەوانیش ئەو کۆمەڵە بێهۆشکەرانەی کە لاوازت دەکەن کە تاقەتی خۆشت نییە.

یان ئەو بیرەوەرییە هەڵانەی بە مێشکت دێن و دەچن کە خۆشت وات لە خۆت کردووە و مێشکی خۆت پڕ کردووە لەو شتە هیچانە.

سێیەم هاوڕێی نەرێنی زۆرن کە دوورت بکەنەوە لە خودا بە هەندێک قسەی نەرێنی کە لە مێشکیان پڕە و پێویستە بیڕێژن ئەویش بە تۆی دەڕێژن کە وا تۆیان لە بەردەستە کە کەسێکی خڵەفاویت تەنها بۆ ئەوە بەباشی مێشکت پڕ کەن چونکە ئەو هەموو تەمەنەت هەیە هەر نەتتوانیوە مێشکی خۆت پڕ بکەیت لە شتی باش.

چۆن بتوانین نزیک بکەوینەوە لە خودا:

سەرەتا پێویستە تۆ خۆت وا ڕابێنی کە کەسی ئەم دونیایە سودی بۆ تۆ نییە تەنها هەندێکیان کە ئامۆژگاریت دەکەن بۆ ئەو دونیات گەرنا ئەوانی تر تەنها خۆشی ئەم کات و ساتەن.

پێویستە بزانیت کە دوورکەوتنەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە چونکە لە کۆتایدا دەزانیت تەنها ئیلاهی بە کەڵکی تۆ دێت کە لەو دونیا دەیبینیتەوە کە ئایا خۆشە بە سەرشۆڕی و زەلیلی خۆت ببینی، یاخود بە سەرفرازیی بچیت بۆ لای بڵێی ئەی پەروەرێنم ئەوە من ئەو ئامانەتەی پێت بەخشیم وەک خۆی بۆم گەڕاندیتەوە.

بۆچی دەبێت هەر تاکێک لە ئێمە هەر شتێکی خراپی بەسەربێت یەکسەر بیر لەوە بکاتەوە کە کێشەکە لە دونیا و سەردەمەکەیەتی بیر لەوە ناکاتەوە و بەخۆی بڵێ ئەی خۆم چیم؟

من چیم کردووە تا دونیا بۆم باش بێ؟

من چیم بەرانبەر خودا نەکردووە؟

چەند هەڵەم کرد لێم خۆشبوو؟ هەر لە ڕەحمی خۆی بێبەشی نەکردم، هەر ڕسوا و زەلیل و سەرشۆڕی دونیای نەکردم..

نابێ ئەم پرسیارانە بکەین لە خۆمان؟

نابێ ڕۆژێ بە خۆمان بڵێین بووەستە تا ئێرە و بەس ئێرە هێڵی سوورە و هەڵەی خۆت چاک بکە؟


بۆ دەبێت تەنها خۆت بە ڕاستەکە بزانیت کە سووریش دەزانیت هەڵەیەت،

واز لەوە بێنە چی دی.

کاری شەیتانە نەک تۆ دووربکەوە با لە شەیتانەکان نەبی تۆ،

دووربکەوە، دووربکەوە..

لەبەر خۆت نا، لەبەر چواردەورت ئەگەر زەرەرەکەشت بۆ خۆت بووە و دەزانیت پێت چارە نابێ هەوڵبدە بەژداری بە چواردەورت بکە، کەسانی شارەزا نەک بێئەزموون.



# بابەتی پێنجەم

عەجەب هیچ کەس سەرکەوتنەکانت نابینێت

تەنها چاویان لە کەوتنتە

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەداخەوە وای لێهاتوە کە تەنها چاڵوچۆڵی و پینەکراوەکانی خەڵک ببینرێت.

ئەگەر ١٠٠ کەس بێنیت و لاپەڕەیەکی سپییان بدەیتە دەست و خاڵێکی ڕەشی لە ناودا بێت، کە پێیان دەڵێی چی دەبینیی؟ ٩٩ کەسی دەڵێت: خاڵێکی ڕەش و ئەگەر یەک کەسی بڵێت لاپەڕەی سپی.

ئەی باشە لەو لاپەڕە گەورە سپییەدا بۆ تەنها ئەو خاڵە بینرا؟

چونکە خەڵک چاوی لەو شتەیە کە تاکە یاخود کەمە تۆش هەتا سەربکەویت و هەتا بۆ سەرەوە بڕۆیت کە کاتێک کەوتنێکی کەمت هەبوو یاخود قاچ خوار دانانێک بوو یەکسەر ئەوە دەبینن و هاواری لێدەکەن.


ئەمە بیروڕای زۆربەی کەسەکانی ئەم سەردەمەیە بەداخەوە زۆربەیان وان.

بۆ کارەکانی ڕۆژانەش تەنها کارە خراپەکان دەبینن بەڵام ئەو هەموو جوانییە نابینن.

ئەمەش هۆکارێکی زۆرزۆر سەرەکییە بۆ شاردنەوە و نەهێشتنی کارە باشەکان کە کۆمەڵێکی زۆر ماون هێشتا هەر خەریکی کاری باشن بەڵام ئەوانیش ڕۆژێک توانایان نامێنێ و کەس نییە جێیان بگرێتەوە بەداخەوە.

بۆیە با هەوڵبدەین پێکەوە هەموومان دەست لە ناو دەست پشت بە پشت ئەم ئامۆژگارییە بۆ نەوەکانمان بڕوات کە دەبێت ئێمە هەموو شتێکمان لەبەر چاو بێت و ڕەخنەی ڕوخێنەر هەرگیز لە یەکدی نەگرین.

چونکە ئەگەر ئێمە پشتی یەک بەردەین ئەوا دەردەکەوێت چەن کەسێکی فاشل و خۆبەکەمزانین، چونکە کە توانات نییە ئەو کارە باشەی هاوڕێکەت دەیکات بیکەی ئەوا بهێڵە با ئەو تەواوکەرەکەی بێت و تۆش یارمەتی بدە و دەستی بگرە چونکە دڵنیا بە ئەو بە تۆوە سەر دەکەوێت تۆش بەهۆی ئەوەوە جوان دەبیت ئەگەر سەربکەوێت.



# بابەتی شەشەم

## عەجەب بێئەمەلی تاکەکان لە کاتی شکستدا مەترسیدارە

یەکێک لە خراپترین و ڕوخێنەرترین و شکست هێنان لە کارەکانی ڕۆژانەدا یەک سەرچاوەی سەرەکی هەیە ئەویش " بێئەمەلیی "ـە.

بێئەمەلیی یەکێکە لەو شتە خراپانەی کە توشی زۆربەی ئەو کەسانە دەبێتەوە کە هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ کارێک بەڵام کۆتاییەکەی شکستیان هێناوە.

کۆمەڵێک سەرچاوە هەن کە دەبنە هۆی درووستبوونی بێئەمەلیی:

یەکەم: پشتگوێخستنی ئەو کەسەی کارەکە دەکات و تێدەکۆشێت.

دووەم: وتنی قسەی نەرێنی و ڕوخێنەر کە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر ئەو کەسە هەیە کە هەڵستاوە بە کردنی ئەو کارە.


سێیەم: هەستکردن بە تەنهایی لەلایەن کەسەکەوە ئەمەش بەهۆی نەبوونی پاڵپشتێکەوەیە کە هیچ کەسێک نەبووە یارمەتی کەسەکە بدات.

وە هەروەها کۆمەڵێک هۆکاری تر هەیە بەڵام کەوتۆتە سەر ئەو کەسە کە چۆن بیردەکاتەوە چ شتێک دای دەڕوخێنێت.

بۆیە دەبێت ئێمە وریا بین کە هاوڕێیەتی کێ دەکەین و کێمان کردووە بە پاڵپشتی خۆمان وە دەبێت قسەکان و ڕەخنەکان کاریگەریان لەسەرمان نەبێت، وە هەروەها قسە باشەکانیش نەبێتە هۆی غرورییەتێک و خۆبەزلزانییەک کە وامان لێبکات ڕۆژێک زۆر بە خراپی بمان خات.

بۆیە دەبێت وریابیت لە هەر هەنگاوێک کە دەینێیت، کاتێک ویستت هەنگاوێک بنێیت پێش ئەوە دە جار بیری لێبکەرەوە ئینجا قاچت دابنێ چونکە هەڵەشەیی و پەلەپەل کردن لە کارەکاندا دەبێتە هۆی درووستبوونی زۆر هەڵە کە تۆ ناتوانیت لە کاتێکی کەمدا ئەم هەموو شتە داغڵی مێشکت بکەیت و بتەوێت مێشک توانای وەڵامدانەوەی هەمووی هەبێت.

ئەوە بزانە هەموو شتێک سنووری خۆی هەیە کە سنوورەکەیت بەزاند دڵنیابە زەرەرت لێ دەدات.



# بابەتی حەوتەم

## عەجەب لە پەیجە سەقەتەکان

بابەتەکەی ئەمجارە جیاوازدەبێت کە باس لەو بەناو پەیجانەی هەن کە تایبەت کراون بە ڕەشبین کردنی خەڵکی، بۆ ماوەی ٣٠ خولەکێک بە ڕیڵس ی ئینستاگراما دەڕۆشتم زۆربەی ئەو پەیجە کوردیانە یاخود شتی ئاشقانە بوو یا کەسێ دڵی شکاوە یا قسەی نەرێنی بوو یاخود هەندێ شتی بێمانا و هیچ.

ئەمە شتێکی ئاسانە بۆ من گەر بمەوێت لایان ببەم، بەڵام چی لە منداڵێک یان هەرزەکارێک دەکەیت کە سەرەتای پێگەشتنێتی مۆبایلێکی بە دەستەوەیە ئەم شتانە دێتە بەرچاوی ئەرێ بە خۆتان ناڵێن ئێمە چی ئەکەین؟

ئەرێ ئەوە ئەو کەسانەی ئەو شتانە دائەنێن بە جدی شەوان زۆر بەئارامی دەخەون؟

هەر کەسێک تۆزێک بیر لە دوایی بکاتەوە ئەو کارانە ناکات.

باشە ئێستا لەوەیە بڵێی وەڵا من کەسێکی ڕوخاو و فلان و فیسار واو وام ئەی باشە بۆچی هەوڵنادەی خۆت چارەسەر بکەیت و ئینجا پۆستێک بکەیت سودێکی زۆر بگەیەنێت.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا باشترین شت سۆشیال میدیا و تێکستەکانە چونکە زۆر کەس ناتوانێت ئەوەی لە دڵیدایە دەریببڕێت، بۆیە سۆشیال میدیا یەکێکە لە شتە باشەکان بەڵام بۆچی ئێمە هەوڵبدەین شتە باشەکان دانەنێین لە جێی خراپەکان؟

هەوڵ بدەن ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە ئەزانن یارمەتیت ئەدەن.


هەوڵ بدەن خۆتان یارمەتی خۆتان بدەن.

هەوڵ بدەن پشت بە خودا ببەستن.

هەوڵ بدەن واز لەو کارانە بێنن کە زیانتان پێ دەگەیێنێت و دەزانیت کە بابەتەکەت پێ هەزم ناکرێت.

هەوڵبدەن ئەو نێوەندەی درووستت کردووە بۆ خۆت بیشکێنیت چونکە زەرەری لێ دەکەیت، ڕۆژێک هەم بۆ خۆت هەم چواردەورت پێی لە ناو دەبەیت.

تۆزێک بە خۆتاندا بچنەوە بیرتان بێت ئەو پۆستانەی ئێوە هیچ نەبێت گەر هەزار کەس بیبینێ ١٠ کەسی پێی نارەحەت بێ ئەزانی چەند گەورەیە تۆ دڵی ١٠ کەست ناخۆش کردووە خۆت بە تاوانبار نازانیت؟



# بابەتی هەشتەم

**عەجەب هەر تاکێک لە ئێمە ڕۆژانە بەشێکی کاتەکەی بە فیڕۆ دەدات لەسەر خۆزگەخواستن بە ژیانی خەڵک..!**

عەجەب هەر تاکێک لە ئێمە ڕۆژانە بەشێکی کاتەکەی بە فیڕۆ دەدات لەسەر خۆزگە خواستن بە ژیانی خەڵک.

بۆچی دەبێت کاتەکانمان بە فیڕۆ بدەین لە خۆزگە خواستندا؟

بۆچی هەوڵ بدەین وەک خەڵکانێکی دیکە بژین..؟

بۆچی دەبێت وابکەین؟

بۆچی چارەسەری نەکەین..؟

بۆچی و کۆمەڵێک پرسیاری زۆر کە ڕۆژانە لە مێشکماندا دەسوڕێتەوە و وامان لێدەکات بەشێکی کاتەکەمان بڕوات بە بیرکردنەوە لە شتی بێسوود..!

خودای گەورە ژیانێکی بە ئێمە بەخشیوە کە هەر یەکەمان تایبەتمەندی خۆمان هەیە لە ژیاندا کە شتی باش و خراپ دێتە ڕێگەمان بە پێی کات بەڵام ئێمە هەر ناوەستین لەوەی کە خۆزگە بخوازین و بڵێین: خۆزگە وەک فلانە کەس ئەوەم هەبوایە، خۆزگە وەک فلانە ئاوام کردایە. بەڵام خۆمان هەرگیز هەوڵمان نەداوە کە بڕۆین بۆ ئەو خۆزگەیە بۆ خۆمان بەدی بهێنین لە جیاتی ئەوەی خۆزگەی بۆ بخوازین.

خۆم لەم ماوەیە چەندین خۆزگەم خواست کاتێکی زۆرم بەفیڕۆ چوو بەڵام سوپاس بۆ خودا زوو هاتمەوە هۆش خۆم و تێفکرام کە بۆچی واز لە خۆزگەکان نەهێنم و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی نەدەم بۆیە من بڕیارم دا تۆش بەڵێن بدە بە خۆت نەک بە من چونکە من پێویستم بەوە نییە کە تۆ بیکەیت یان نا بەس پێویستە بیرت بخەمەوە کە بیکەیت،

بڕیار بدە بە خۆت واز لە خۆزگە بێنیت و هەوڵی بۆ بدەیت، چونکە جوانترین شت لە دونیا هەوڵدانە بۆ شتەکان ئەگەر هەڵەش بکەیت و شکست بێنیت لێوەی فێر دەبیت و هەوڵبدە هەڵبستیتەوە چونکە ئەگەر هەڵنەسیتەوە و ئەو شکستە تۆ بە تەواوەتی بخات ئەوا لەو کاتە زەرەرێکی زۆر گەورە دەکەی بۆیە با هەموومان پێکەوە دەسپێبکەین لە خۆمانەوە کە واز لە خۆزگەکانمان بێنین.



# بابەتی نۆیەم

## باوک و دایک لە سەردەمی ئێستادا

باوک و دایک لە سەردەمی ئێستادا زۆر کەمی وا ماون کە ئەو ناوەی بە خۆیەوە هێشتبێتەوە بە ڕەسەنێتی خۆی بۆیە دەبێت ئەو زێڕانەی کە ماونەتەوە وەک چاومان قەدری بگرین،

زۆرجار منداڵ ڕقی لە باوکییەتی لەبەر ئەوەی وتی ڕۆڵە "مەکە" منداڵ عادەتی وایە بە تایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاری بە وشەی مەکە تێکدەچێت چونکە چووەتە دونیایەکی تازەوە لە دونیای ماڵەوە چووەتە دەرەوە دەزانێ دونیا هەر ئەوە نییە کە دایک و باوک هەوڵی بۆ داوی خۆی بۆ کوشتویت تەنها بۆ ئەوەی تۆ ئایندەیەکی گەشت هەبێ، زۆر باوک بەیانی تۆ لە پرخەی خەوە ئارامەکەتدایت باوکیشت لە کارە، پارە بۆ تۆ پەیدا دەکات دایکت بیر لەوە دەکاتەوە کە چ پەروەردەیەکی جوان بە تۆ ببەخشێ کە ئێستا دایکیش هاوشان بە باوک کاردەکات و بژێوی بۆ منداڵەکەی خۆی پەیدا دەکات چونکە دەزانێ منداڵەکەی پێویستی بەوە تا ئەو تەمەنەی کە دەچێتە ئەوەی لەسەر پێی خۆی بووەستێت و ئەو یارمەتی دایک و باوکی بدات.

دایک بە گشتی خۆشەویسترە لای زۆربەی منداڵەکان چونکە وا دەزانن ئەو خۆشەویستییەی دایک هەیەتی باوک نییەتی، ئەوە نییە تەنها ئەوەیە باوک نایەوێت دەریببڕێت، باوک دەیەوێت بەهێز بیت باوک دەیەوێت پشت بە خۆت ببەستیت باوک دەیەوێت ببێتە هێزی ئەژنۆت و یارمەتیت بدات تا ئەو کاتەی سەر دەکەویت بەڵام هەردووکی پێویستە هەم خۆشەویستی دایک هەم یارمەتی باوک.

بۆیە کە دەچیتە تەمەنی گەورەبوونەوە زۆر کەسمان هەست بەوە دەکەین ئەو بیرەوەریانەی بەرانبەر باوک و دایک هەمان بوون هەڵە بوون کە بە قسەیەکی بچووکی ئەوان کە لە مەسڵەحەتی خۆمان بوو تورە دەبووین.

ئێستا لەوەیە زۆربەی بە من بڵێ خۆ تۆش وابوویت بەڵام هەمووی وایە بەس گرنگ لەوەیە کێ زوو خۆی چاک دەکاتەوە بیر لە خۆی دەکاتەوە بیر دەکاتەوە باوک چەند گەورەیە دایک چەند گەورەیە، چونکە بێ ئەوان تۆ هیچ نیت دڵنیا بە. ئەو بوو تۆی ژیاند، ئەو بوو گەورەی کردی، ئەو بوو ئارەقی دونیای بۆ ڕشتی تا دوو دینارت بۆ پەیدا بکات، ئەو بوو قسەی ڕەقی پێ گوتیت لەسەر ئەوەی لەو تێنەگەشتی، ئەو بوو بە زللەکانی پەروەردەی کردیت، ئەو بوو فێری کردیت بژیت، ئەو بوو فێری کردیت ڕاوەستی لەسەر پێی خۆت.

خۆت ڕابهێنە لەسەر ئەوەی کە تەنها دایک و باوکن بۆ تۆ ئەمێننەوە کە ئەگەر بوونیشیان نەمێنێ هەر پاشی خۆیان شتیان بۆ بەجێ هێشتویت کە تۆ لێی بحەسێیتەوە دڵنیا بە نە ڕەفیق نە خزم نە کەسوکار بە کەڵکی تۆ یەت، تەنها ئەو دایک و باوکە نەبێت کە خودا پێی بەخشیویت، بۆیە قەدریان بزانە، بۆیە بزانە کە شتێک پێ دەڵێت لەبەر تۆیەتی، بۆیە بزانە ئەوەی تۆ دەیکەیت هەڵەیە بەرانبەر ئەو ڕێزەی ئەو لە تۆی گرت باوک ڕێزتەگرێت کاتێک گەورە بوویت دەزانێت بوویتە پیاو دەزانێت دەتوانیت هەستیتە سەر پێ وەک ئەو پیاو بیت هەموو باوکێک حەز دەکات منداڵەکەی زۆر لە خۆی پیاوتر بێت بتوانێت یارمەتی بدات .

بۆیە هەرگیز بیر لەوە مەکەرەوە کە باوکت قسەیەکی ناخۆشت پێ دەڵێت یەکسەر پێی تێکبچیت و بڵێیت ئەو وای وت وای وت چونکە دڵنیا بە تۆی نەوێت وات پێ ناڵێت دڵنیا بە واز لە ژیانی خۆی هێنابێ گوێی ناداتێ تەنها تۆ بە کەرامەتەوە بژیت.

ئەگەر تەنها یەک چەترتان پێ بێت لە ژێر باراندا دایک و باوک دەیدەن بە تۆ دەڵێن ئێمە سەرمامان نییە کە هەندێ دایک و باوک وا نین بە داخەوە بەڵام دەبێت ئێمە سەیری گشتییەکەی بکەین نەک تەنها کەمینەیەک.

بۆیە لەوەیە تۆ ئێستا بڵێی ئەمانە کۆمەڵێک قسەی کۆن بوون بۆمان کراوە بەڵام من ئاگادارم کردیتەوە گەر بە گوێمدەکەیت بیکە ناشیکەیت خۆت زەرەرمەندەکەیت دڵنیا بە.

دایک و باوک ئەو زێڕەن کە قەدریان زۆرکەم سەیردەکرێت لای زەڕەنگەرەکانی.

بەڵام بە پێچەوانەوەش زۆر کەسی وا هەیە کە ئەوەندە باشە بۆ دایک و باوکی کە بە هەموو شتێک شانازی پێوە بکرێ.



# بابەتی دەیەم

**عەجەب سەردەمێکە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاریان پێتە**

سەرەتا با باسێکی مەسڵەحەت بکەین کە چییە و چۆنە؟

سەرەتای سەرهەڵدانی مەسڵەحەتی کەسی بەرانبەرت لە زۆر ڕووپێدانی تۆوە و زۆر زیاد لە پێویست شت بۆ کردن بۆی کە بچێتە حەدی غرور و لەخۆباییبوونی کەسی بەرانبەر، کە ٨٥٪ ی مەسڵەحەت لەمەدا کۆ بووەتەوە.

کۆمەڵێکی تریش کە لە ١٠٪ یە لە خۆیاندایە و تێکەڵی خوێنیان بووە کە نەتوانن پارێزگاری لەو ئامانەتە بکەن کە تۆ پێت بەخشیون.

٥٪ ـەکەی تر بە پێی کەسەکان درووست دەبێت و دیاری دەکرێت کە چۆنن، زۆر کەس لەبەر کارێک مەسڵەحەتی پێتە، زۆرێک لەبەر بەسەربردنی کات، زۆرێکیش بۆ خۆشی خۆیان تەنها وەک ئامێرێک بەکارت دێنن.

مرۆڤ بە تایبەتیی لە تەمەنی هەرزەکاری دەروونی لە زۆر ڕوەوە تێکدەچێت چونکە چووەتە دونیایەکی تازەوە لە دونیایماڵەوە چووەتە دەرەوە دەزانێ دونیا هەر بچوککراوەیەک نییە لە نێوان ماڵەکەی خۆیدا چونکە ماڵەوە لە هەموو شتێکدا لەوەیە بە دڵی تۆ بکەن بەڵام دەرەوە نا، دەرەوە لەبەر خۆی هەوڵەدات لەوەشە گەر چارەسەر نەکرێ بەرەو گۆشەگیرییەکی تەواوەتی بڕوات.

لێرەدا ئێمە پێویست بوو جۆرەکان بخوێنین بۆ ئەوەی تێبگەین لەوەی ئەمەی ئەیخوێنین چییە و بۆ چییە...!

پێویستە ئێمە یەکسەر خۆمان دوور نەکەینەوە لەم جۆرە کەسانە لەبەر ئەوەی دونیاکەی ئەمڕۆ وایە زۆربەی بیر لە ژیانی خۆی دەکاتەوە کە ئەمەش شتێکی پێویستە چونکە تا خۆت هەوڵنەدەیت بۆ خۆت هیچ کەسێک خەمت ناخوات و بیرت لێ ناکاتەوە وە هیچ کات باسی ئازارەکانی خۆت بۆ کەسێک مەکە کە بزانیت گوێت بۆ ڕاناگرێت چونکە تەنها دەمت دێشێت و لێت بێزاردەبێ.


چارەسەری ئەوەی ئەو مەسڵەحەتە بۆ زاڵ ببێ بەسەر ئەو کەسەی بەرانبەر و چۆن بتوانی چارەسەری بکەیت بۆی؟ ئەگەر لە تواناتدا بوو.

سەرەتا یەکەمجار دەتوانیت قسە لەگەڵ کەسەکە بکەیت کە خۆی چاک بکات (لە چوارچێوەی تێگەشتندا).

ئەگەر بەوە چاک نەبوو هەوڵبدە ئەوەی خۆی بەرانبەر بەکاربهێنەوە بۆیە فێر بێت لەوەی کە ناخۆشە ئەوەی بەرانبەر تۆی کردووە ڕاستە ئەمە خاڵێکی قورسە هەموو کەس ناتوانێت بیکات بەڵام پێویستە تاوەکوو ڕۆحی خۆت ئاسوودە بکەیت چونکە ڕۆحی تۆ ئامانەتێکە کە ڕۆژێک دەیگەڕێنیتەوە بۆ خاوەنەکەی بۆیە بە هیچ شێوەیەک موڵکی تۆ نییە تا بە دڵی خۆت ئەزێتی بدەیت یاخود بە جۆرێک لە جۆرەکان بتەوێت بیشکێنیت لەبەر کەسێکی مەسڵەحەتچی و درۆزنێکی ئاشکرا لەگەڵ خۆی پاشان تۆ.

بۆیە هەوڵبدەن خۆتان کێشەکانتان چارەسەر بکەن گەر توانیتان، تا ئەتوانن مەیبەنە لای کەسێکی دیکە لە چەند حاڵەتێکیشدا ببەن کە کێشەکەت بە خۆت چارەسەر نەکرا یاخود گەر کەسێکی دڵسۆزت هەبوو کە بتوانێ بۆت چارە بکات نەک خراپتری بکات.

لە کۆتایدا دەڵێم لەم سەردەمەدا مەسڵەحەت بووە بە شتێکی ئاسایی چونکە سەیر ئەکەین زۆربەی وایە لەگەڵت بەس هەوڵمەدە تۆ وابیت لە حەدی ئازارنەدانی خۆتدا هەمیشە خۆتت لە پێش خەڵک بوێت چونکە دڵنیا بە هەموو کەس بۆ تۆ وایە.



# بابەتی یازدەیەم

## عەجەب لێبوردەیی جوانە

لێبووردن دەرگا کەرەوەی هەموو تەباییەکەو داخەری هەموو دەرگا خراپ و پڕ ئاژاوەکانە، دەبێت زۆرکات لێبووردە بین لەو شتانەی کە بەسەرماندا دێن چونکە زۆرینەی ئەو شتانەی لە دونیادا بەسەرماندادێن بە حەز و ئارەزووەکانی ئێمە نین بۆیە دەبێت ڕابێین چونکە خودا دەزانێت چی باشترە بۆ تۆ.

دەبێت نەهێڵیت ئەو کەسانەی هەڵەت بەرانبەر دەکەن بە هەڵەکەی خۆیان جوابیان بدەیتەوە بەڵکوو پێویستە لێیان ببووریت گەر شایەن بوون چونکە دەبێت ئێمە چی بچوکێک بین لە چاو خودای گەورەدا کە خودا لە زۆربەی تاوان و گوناهەکانمان دەبوورێت، ئەی بۆ ئێمە چین کە ناتوانین لە یەکدی ببورین و ئاشتی و برایەتی و خوشکایەتی و تەبایی درووست بکەین، بە لێبووردەی تۆوی خۆشەویستی دەڕوێت لە نێوان کۆمەڵگادا.

بەڵام لێرەدا گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە بزانیت تۆ لە چ کاتێک و لە چ ڕوداوێکدا، کەی و لە کێ دەبووریت؟

چونکە زۆر کەس هەن پێویستە نەیبووریت تا ئەوکاتەی بە خۆیدا دەچێتەوە و دان دەنێت بە هەڵەی خۆیدا چونکە گەر ئەو هەر کارێک بکات و تۆ بیبووریت ئەمە تۆ ئەبیتە دروستکەری ڕێچکەیەکی وێران بۆ ئەو کەسە چونکە فێر دەبێت و وا دەزانێ هەموو کەس هەر لێی دەبوورێت.

بۆیە زۆر گرنگە ئێمە بزانین چی دەکەین و دەمانەوێت چیبکەین؟

بۆیە دەبێت هەر کارێک کە دەیکەین پێشتر دوو جار بیری لێ بکەینەوە تاوەکوو کارێکی هەڵە نەکەین دوایی خۆمان لێی پەشیمان ببینەوە.



# بابەتی دوازدەیەم

## عەجەب وشەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر مرۆڤ

زۆرجار دەیبیستین و پێمان دەڵێن کە گوێ مەدە بە قسەی خەڵک.

بەڵام بە بڕوای من ئەم بیروڕایە زۆر هەڵەیە.

تۆ لە ژینگەیەکدا دەژیت کە هەموو چواردەورت خەڵکە.

ئەی ئایا وجودی ئەم خەڵکانە و هەڵسوکەوتیان و چۆنێتی قسەکردنیان بە جۆرێک سەرنجت بەلای خۆیدا ڕاناکێشێت؟

ئەی ئایا بۆچی دەبێت ئێمە گرنگی بە قسەکانیان بدەین کاتێک قسەی ئەرێنییە ئایا ئێمە بەس ئەرێنییەکان دەبیستین؟

نەخێر زۆر قسە هەیە نەرێنییە و زۆر زیاتریش کاریگەریی هەیە لەسەر مرۆڤ چونکە تۆ لەوەیە شتێک بە ڕۆح و بە دڵ و بە گیان بیکەیت و هەوڵت بۆی دابێت و کۆششت بۆی کردبێت، شەونوخونیت بۆی دابێت بەڵام کەسێک لەولاوە دێت قسەیەکی نەرێنی دەکات.

ئایا دەبێت ئەم قسە نەرێنییە تۆ بخات؟

دەبێت وات لێ بکات هیچ ئارەزویەکت بۆ ئەو هەموو ماندوبوونەت نەمێنێ؟

ئایا دەبێت وات لێبێت کە واز لە بە چێژترین شتی ژیانت بێنی؟

نەخێر ئەمە هەرگیز ڕێگە ڕاستەکە نییە بەڵام ناشبێت حسابی بۆ نەکرێت، چونکە هەر چۆنێک بێت تۆ بە خەڵکەوە ماویت ئەگەر ئەو خەڵکەی چواردەورت نەمێنن دڵنیا بە وەک کەسێکی سەرلێشێواو و شێتت لێدێت،


تا وات لێدێت کە بەشێوەیەک بیت بیر لە هەزاران شتی خراپ بکەیتەوە کە بەسەر خۆتی دا بێنیت، بۆیە خەڵک گرنگە.

پێویستە گوێ لە پرس و ڕاو پێشنیارەکانی کەسانی چواردەورت بگریت بەڵام نەک بە شێوەیەک ببێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ڕوخانی نەفسی خۆت.

پێویستە بە جۆرێک بێت هەم خۆمان هەم چواردەورەکانمان سود لەو قسانە وەربگرن.

هەوڵبدە سوود لە هەڵەکانی خۆت و چواردەورت وەربگریت.

وە هەوڵبدە وشە باشەکانیش بە هاندانێکی خودی وەربگریت.



# بابەتی سێزدەیەم

## عەجەب لە چاوەڕوانیدا چرکە دەبێت بە ساڵ

چاوەڕوانی یەکێکە لە هەرە ناخۆشترین هەستەکان کە توشی مرۆڤێک دەبێت چونکە لە چاوەڕوانیدا زۆرترین بیر دێت بە مێشکی مرۆڤ و وای لێدەکات کە توشی هەزاران ناڕەحەتی ببێت بە دوای خۆیدا. تۆ کە چاوەڕێی هەر شتێک دەبیت لەم ژیانەدا جا شتەکان هەر جۆرێک بن و هەر ویستێک بێت کە تۆ ئەتەوێ لەوە دڵنیا بە کە خودا ئەوەی بۆی داناویت جوانترین و باشترینە و هەرگیزاوهەرگیز ناگۆڕێت.

دەبێت لەوە تێبگەیت کە خودای گەورە لەو ڕۆژەوەی لە دایکبووین هەموو شتەکانی بۆ دیاری کردوین بۆیە هەمیشە ئارام بگرە لەو شتەی کە ئەمڕۆ بۆ تۆ نەبووە چونکە دڵنیا بە گەر ئەمڕۆکە بۆ تۆ نەبووە خێرێکی تێدایە و لە شەڕێک دووری خستویتەوە دڵنیا بە لەوەی کە هەر ڕۆژێک ئەوەی لە سینەت دایە دێتە دی.

ئارام بگرە..ئارام بگرە.

ئارامگرتن یەکێکە لە جوانترین سیفاتەکان کە لە مرۆڤدا بوونی هەبێت، چونکە بە ئارامگرتن دڵنیا بە هەموو شتێک دێتە دی و خودای گەورە هەموو کارێکت بۆ ئاسان دەکات.

خودای گەورە خۆی دەزانێت چی باشە و چی خراپە بۆ تۆ.

ئەی بۆ ئارام ناگریت؟

ئەی بۆ بڕوات نییە ڕۆژێک هەر دێتە دی؟

ئەی بۆ ئارامی لێ ناگری تا بێتە دی؟ ئەی بۆ شکت لە توانای خودایە هەیە کە هەموو شتێکی بە دەستە؟

ئەی بۆ بڕوات بەوە نییە کە ڕۆژێ هەر دێتە دی؟

باوەڕت بە خودا هەبێ زۆرزۆر دڵنیا بە لەوەی هەموو شتەکان ئاسان دێت بە دەستەوە، چونکە هەموو کارێک پێویستی بەوەیە ئارام بگریت بۆی تا بگەیت بەو جوانییەی کە لە دوایدا دەیبینیت، هیچ ئەنجامێکی باش بێ هەوڵدان نەبووە لەوە دڵنیا بەرەوە.

قەت بێ ئومێد مەبن هیچ چاوەڕوانییەک بێ ئەنجام نابێت...!



# بابەتی چواردەیەم

## عەجەب دونیامان قورس وەرگرتووە

لە ڕۆژگارێکدا دەژین ئەوانەی ڕۆژانە دەیبینین و دەیبیستین زۆربەی هەواڵی ناخۆشە.

کەم هەواڵی خۆش دەبیستین لەم و لەوەوە کە بە پەنجەکانی دەست دەژمردرێن.

ئایا بۆچی ڕۆژگارەکە وای لێهاتوە؟ خەتای مرۆڤەکانە؟

خەتای ژینگەکەمانە؟ خەتای خودی خۆمانە؟

لێرەدا هەرکاممان بە شێوەیەک وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەدەینەوە چونکە هەر تاکێک لە ئێمە ژیانێکی تایبەتی خۆی هەیە کە لە کەسی دیکە ناچێت

ناتوانین هیچ کاممان بچینەوە سەر ئەوی تر بڵێین من سەد لە سەد لەو کەسە دەچم هەرگیز شتی وا بوونی نابێ ئەگەر زۆرزۆریش لە یەک بچن هەر بە شتێکی بچووک جیاوازن.

ئایا ئێمە شتەکانمان بۆ هێندە بە قورسی وەرگرتوە کە وامان لێبکات ژیانمان لەبەر ناشرین بێت.

وامان لێهاتووە شتەکانی چواردەورمان و کەسەکانی چواردەورمان هەمووی لا ناشرین بووە.

ئایا خەتای خۆمان نییە کە شتەکانمان هێندە بە قورسی وەرگرتووە؟

هەست ناکەیت ماندوویت؟ ماندوویت لە کۆمەڵێک شت؟

ماندوویت لە کۆمەڵێک کەس؟


ماندوویت لە هەندێک بیرەوەری کە پێویستە ئیتر وازیان لێ بهێنیت..!

چونکە تا بڕۆیتەوە سەر ئەو ڕابردووەی هەت بووە هیچت پێناکرێ تەنها سەری خۆت پێی دێشێنیت..

ئەی بۆ وا بین؟

ئەی بۆ هەوڵ نەدەین دونیا هێندە قورس وەرنەگرین؟

دونیا سادەیە خودای گەورە بە سادەیی بۆی داناوین بۆیە لە خۆتی قورس مەکە.



# بابەتی پازدەیەم

## عەجەب سەرکەوتنەکان ماندووبوونەکان دادەمرکێننەوە

سەرکەوتن یەکێکە لە هەرە خۆشترین و چێژبەخشترین هەستەکان لە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگەکەماندا.

تۆ هەر کاتێک هەوڵ بۆ کارێک دەدەیت و ئەنجامی دەدەیت چاوەڕێی سەرکەوتنێکی گەورەیت لێوەی چونکە دەزانیت چ هەوڵێکت بۆی داوە و بەپێی هەوڵەکەی خۆت چاوەڕێی ئەنجامەکەی دەکەیت، هەر کات و ساتێک کە هەر تاکێک لە ئێمە هەوڵ دەدات بۆ شتێک ڕاستەوخۆ بیر لە کۆتایی و ئامانجەکەی خۆی دەکاتەوە کە دەیەوێت چی بپێکێت، لێرەدا یەکسەر بیر و بۆچوونی کەسەکە بۆ ئەوە دەڕوات کە ئایا لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبێت یاخود شکست دەهێنت، ئەگەر سەرکەوتوو بوو ئەوە دەبێتە جێگەی شانازی بۆ خۆی و بۆ چواردەورەکەشی بەڵام ئەگەر شکستی تێدا بهێنێ، ڕاستە توشی هەندێک ناخۆشی دەبێت بەڵام ئایا دەبێت ئەمە کۆتایی بێت بۆ ئەو کەسە؟

ئایا دەبێت ئەو کەسە بڵێ ئیتر من هیچ هەوڵێکی تر نادەمەوە لەبەر ئەوەی لەم هەوڵەدا شکستم هێنا؟


ئایا دەبێت توشی خەمۆکی و ناڕەحەتییەکی زۆربێ تەنها لەبەر ئەوەی شکستی هێناوە لە کارێکدا؟

وەڵامەکەی نەخێرە چونکە تۆ هەر هەوڵێک کە دەیدەیت لە ژیانتدا کۆمەڵێک ئەزموونی تایبەتی لێ وەردەگریت و فێری کۆمەڵێک شتی بەسوودت دەکەن و دەتوانیت لە دواڕۆژدا بۆ خۆت و بۆ نەوەکانت سودیان لێ وەرگریت.

بۆیە سەرەتای هەر کارێکت کە دەیکەیت بزانە چی دەکەیت و سودی چییە و هەوڵ بۆ چ شتێک دەدەیت ئەو کات دەتوانیت هەنگاوێکی گەورە بنێیت بۆ سەرکەوتنەکەت هەتا پلانت نەبێت بۆ کارەکانت و هەمیشە لە، بیر و هۆشی ئەوەدا بیت کە سەرناکەویت و شکست دەهێنیت ئەوا زۆر دڵنیا بە لەوەی کە هەرگیزاوهەرگیز لە هیچ کارێکی لەو جۆرەدا سەرکەوتوو نابیت،

بۆیە هەمیشە بڕوات بە خودا ببێت ئینجا بڕوات بە خۆت ببێت هەرگیز مەترسە لەوەی کە دەیکەیت چونکە ئەگەر تۆ هەوڵێکی باشت بۆی دابێت و بزانیت کە چ کارێک دەکەیت و ئەو کات ترست بە هیچ شێوەیەک لێی نابێت.

هەوڵبدەن بە تێفکرانەوە بگەن بە ئامانجەکانتان چونکە گەر هەر تاکێک لە ئێمە کاتێکی شەوەکەی دانا بۆ بیرکردنەوە لە کارەکانی ئەمڕۆی و پلان دانان بۆ سبەی ئەوا دڵنیا بە بۆ هەموو کارەکانی تریشی وایە و کەسێکی زۆرزۆر سەرکەوتووش دەبێت لە زۆری بوارەکانی ژیانیدا.



# بابەتی شازدەیەم

## عەجەب درۆکردن لە کەسایەتیی مرۆڤ دەدات

درۆکردن یەکێکە لە هەرەناشرینترین و قێزەونترین و خراپترین ئەو کارەی لە ڕۆژگاری زۆرماندا دەیکەین و ڕۆژانە بەکاری دەهێنین، مەبەست لە درۆکردن خۆ ڕزگارکردنە لە بارودۆخێکدا بە گۆڕینی بابەتەکە بەو شێوەیەی کە هەیە جا بۆ گاڵتەوگەپێک بێت یاخود بۆ دەستکەوتنی دەستکەوتێک یاخود خوپێوەگرتنێک بە درۆکردنەوە لەم سێ شێوەیەدا کۆبووەتەوە لەمە زیاتر نییە:

یەکەم جۆر کە بۆ گاڵتەوگەپ بەکاری دێنین ئەمە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە تۆ درۆیەک دەکەیت بە ناوی کەسێکەوە یان شتێکەوە و بۆی هەڵدەبەستیت کە هیچ بوونێکی نەبێت ئەمە گوناهێکی ئێجگار گەورەیە و کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێت: هەرکەسێک بە ناوی منەوە درۆی کرد ئەوە دەبێت پێشبینی بکات شوێنێکی لە دۆزەخ بۆ گیراوە، کەواتە سزایەکی زۆر بەئازاریان هەیە ئەوانەی درۆ دەکەن.

وە جۆری دووەم بۆ دەستکەوتنی دەستکەوتێکە کە تۆ هەوڵ دەدەیت درۆیەک بکەیت لە کاتێکدا کە شتێک هی تۆ نییە و تۆ شایەنی ئەوە نیت کە ئەو پێگەیە وەربگریت بۆیە درۆیەکی بۆ دەکەیت تا وات لێ دێت بە شوێنێکی نەشیاو دەکەیت و دەبیتە هۆی تێکچوونی کۆمەڵێک ڕێسای ژیان.

جۆری سێیەم خوگرتنە بە درۆوە کە ئەمە زۆر کەس لە ناخی دا هەیە و لە تەمەنێکی بچووکەوە بۆ هەموو کارەکانی ڕۆژانەی خۆی درۆی بەکارهێناوە و هەوڵی داوە خۆی ڕزگار بکات بە درۆ بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش ئەگەر ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرمان (ﷺ) بەسەر بکەینەوە و لێی تێبگەین ئەوا هەرگیز ئەو هەڵەیە ناکەینەوە کە دەفەرمووێت:

ڕاستگۆبە، ڕاستگۆیی ڕێگەیە بۆ چاکە و دەستپاکی و ئەمەش ڕێگەیەکە بەرەو بەهەشت.

لە درۆ دوور بکەوە و درۆ بەرەو تاریکی دەتبات و لەڕێی خودا دوورت ئەخاتەوەو بەرەو دۆزەخ دەتبات.

وە لە قورئانی پیرۆزیشدا پتر لە ٢٠٠ ئایەتی پیرۆز هەن کە دژی درۆکردنن.

هەندێ جار دەتوانرێت درۆ بەکار بهێنرێت لە بەرژەوەندییەکدا بەڵام چواردەورت زەرەرمەندن نەبن لێی.

بەڵام گرینگترین شت لە ئیسلامدا ئەوەیە کە درۆکەرەکە لە دڵەوە ئەو درۆیە نەکات و پێویستە خۆی بڕوای پێی نەبێت و بەڵام واباشترە هەر نەکرێت.



# بابەتی حەڤدەیەم

## عەجەب خیانەت کار لە کەسایەتیت دەکات

خیانەت بریتییە لە ناپاکی کردن لەو ئەرکەی لەسەرتە ئەنجامی بدەیت ، بۆ نموونە ناپاکی کردن لە پاراستنی قسەیەک یان گفتێک دا. کە هۆکاری ناپاکی زۆرە کە زیاتر هۆکارەکە ناخی خەڵکەکە خۆیەتی چونکە هیچ دوو کەسێک ناتوانن ناخی یەکدی بخوێننەوە ، ئەگەر دڵەکان ئاگایان لە دڵەکان بوایە ئەوا باوک منداڵەکەی خۆی نەدەناشت، بۆیە خیانەت زۆربەی کاتەکان ڕوودەدات لە نێوان کەسەکاندا ئەویش بە هۆی نەمانی خۆشەویستی و ڕێز و متمانەیە لە نێوان کەسەکاندا.

پێغەمبەری خودا (ﷺ) سەبارەت بەسیفەتی دووڕووەکان و خیانەتکارەکان فەرموویەتی: نیشانەی کەسی دووڕوو سێ شتە، یەکەم: لەکاتی قسەکردندا درۆ دەکات، دووەم: کاتێك بەڵێنیدا بەڵێنەکەی ناباتەسەر، سێیەم: لەکاتی سپاردنی ئەمانەتدا ناپاکی دەکات و نایپارێزێت.

ئەم ٣ کارەی کە پێغەمبەری ئازیزمان بۆی دیاری کردووین یەکێکن لە هەرە باوترین کارەکان کە زۆر دیار و زەقە لەم ڕۆژگارەدا بۆیە دەبێت ئاگاداری ببین و خۆمانی لێ بەدووربگرین چونکە گوناهێکی ئێجگار گەورەیە و توشی خراپەی زۆرزۆرت دەکات و توشی هەزاران کێشەی دەروونی بۆ خۆت و چواردەورت دەکات، بۆیە دەبێت هەوڵبدەین دووربین لە خیانەتکاران و هەوڵبدەین هەردەم پارێزەری ئەو ئامانەتە بین کە پێمان دراوە چونکە ئەگەر هەر خیانەتێکی بچووک ڕووبدات دەبێتە هۆی تێکشکانێکی گەورەی کەسایەتیت بۆیە هەردەم بەوریاییەوە کارەکانت بکەیت.



# بابەتی هەژدەیەم

## عەجەب مرۆڤایەتیی لە نێو کۆمەڵگەدا جوانە


مرۆڤایەتیی چییە؟ مرۆڤایەتیی ئەوەندە کارێکی قورسە کە زۆرمان جێبەجێی ناکەین؟ مرۆڤایەتیی چۆن دەکرێت؟ کێ دەتوانێت مرۆڤایەتیی بکات؟

ئەم پرسیارانە و زۆری تریش کە لەگەڵ مرۆڤایەتیدا دێن و پەیدا دەبن.

ئایا پێویستە ئێمە لە کارەکانی ڕۆژانەماندا مرۆڤایەتیی بنوێنین؟

بەڵێ و زۆریش زیاتر چونکە مرۆڤایەتیی یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی درووستبوونی ژیانێکی پتەو و چاککەرەوەی زۆربەی پەیوەندییەکان.

مرۆڤایەتیی لە هەموو کارەکاندا پێویستە ئەگەر ئەو مرۆڤایەتییە بەرانبەر گیاندارێک یا بێگیانێک بێت ، بێ هاوکاری و خۆشەویستی هیچ کارێکت بۆ ناکرێت و ناتوانیت هیچ پڕۆسەیەکی ژیان جێبەجێ بکەیت، ئەگەر خۆشەویستییەکە خۆشەویستی نێوان هاوڕێ یاخود خێزان یاخود دوولایەن بێت ئەوا جیاوازییەکی نییە و هەر کەسێک وبە شتێک ڕۆحی ئارام دەبێتەوە بۆیە دەبێت هەوڵبدەین ئەو خۆشەویستییە بۆ خۆمان و چواردەورمان درووست بکەین و هەوڵدەین لە دەستپێکی ڕۆژەکەمانەوە کە دەستمان پێکرد بە مرۆڤایەتیی بێت کە سڵاو کردنێکیش بێ لە کەسێک کە ئەمە خۆشەویستییەکی بچووک درووست دەکات و هەستێکی خۆش بە بەرانبەرەکەت بگەیەنیت، لەم کاتەی ئەم نووسینە دەخوێنیتەوە بڕیار بدە و هەوڵی بۆ بدە کە لە هەموو کارەکاندا خۆشەویستی و مرۆڤایەتیی تێدا بێت کە شێوازێک بێت درووستکەری خۆشبەختی بێت بۆ هەموو چواردەورت.



# بابەتی نۆزدەیەم

## عەجەب ڕەفتارەکانت دیاریکەری کەسایەتیتە

ڕەفتارت دیاریکەری هەموو کەسایەتی تۆیە لە کاتی ڕەفتارکردندا لەگەڵ یەک کەس یاخود کۆمەڵێک کەسدا تێبینی هەندێک شتی گرنگ دەکرێت کە لە ڕێی جوڵەی دەست و وشەکانەوە دەردەبڕێن کە کەسێک سەرەتای ناسینی بێت لەگەڵتدا ئەتوانێت بڕیارت لەسەر بدات و بەو شێوەیەی کە یەکەمجار تۆی بینیوە بڵێت تۆ ئاوایت و ئاوایت.

بۆیە ڕەفتارەکانی مرۆڤ گرنگترین شتە کە ئاگاداری بێت و هەر کردارێک کە دەیکەیت پێویستە چەندین جار بیر لێ بکەیتەوە کە دەیکەیت چونکە کردنی هەر کارێکی هەڵە دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی بەشێکی گەورەی کەسایەتی تۆ کە وات لێ ئەکات نیوەی ژیانت بەو ناوەوە دەربچیت ئەگەر باش بێت یاخود خراپ ئەمە دەبێتە دیاری کردنت، بۆیە هەزاران جار هەوڵبدە باشترین کردارەکان پێشکەش بکە و بیکە پێش چاوی خەڵکی تا وەکوو ناوت بە شێوەیەکی زۆرزۆر جوان دەربچێت هیچ خوارییەکی تێدا نەبێت تاوەکوو خواری لە ژیانتدا درووست بکات و لەکەدارت بکات،

بۆیە تکایە با جوانترین شێوە دەرکەون لای خەڵکی چونکە پێناسەکردنی کەسایەتی مرۆڤ کارێکی هێندە ئاسان نییە کە بتوانیت دیاری بکەیت.

لێرەدا ئەگەر کۆمەڵێک لەمپەڕت بۆ درووست ببێت دەبێتە هۆی تێکچوونی کەسایەتی تۆ کە بە ١٨٠ پلە کەسایەتیت دەگۆڕێت.

هۆکارەکانی ئەو تێکچوونانە بریتین لە:

بێئەمەلی: کە ئەمە یەکێکە لە خراپترین خووەکان کە توشی مرۆڤەکە دەبێت و دەبێتە هۆی تێکچوونی بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤ چونکە لە زۆر کردارەکانی ڕۆژانەی ژیان دووردەکەوێتەوە و وای لێدێ زۆرزۆر دوابکەوێ لە کەسانی دیکە.

خەمۆکی: یەکێکە لە هەرەگرنگترین خاڵەکان کە توشی مرۆڤ دەبێت کە ئەمیش بە هۆی کردنی کارێکی زۆر بۆ کەسانێک بێت و پێی نەزانینی بێت لەلایەن چواردەورییەوە، بۆیە خەمۆکی کێشەکە تەنها لە تۆ نییە و بەشێکی زۆری چواردەورتە بەڵام گرنگتر لێرەدا ئەوەیە کە تۆ زۆرزۆر بەهێز بیت و بتوانین چاکترین هەوڵ بدەیت بۆ ئەوەی زاڵ بیت بەسەر ئەو خەمۆکییەی بەسەرت دا دێت و هەوڵبدەیت ئەو نەتوانێ زاڵبێت بەسەرت و ژیانت تێکبدات.

گرنگە ئێمە بزانین کێ دەکەینە هاوڕێ و هاوکارمان کە کەسانێک بن هاوکارمان بن نەک دوژمنمان.



# بابەتی بیستەم

## عەجەب لە هاوڕێیەتی ئەم سەردەمە

هاوڕێیەتی ئەم سەردەمە کەمینەیەکن کە دڵسۆز ماون بۆ یەکدی، لەم ڕۆژگارەدا زۆربەی هاوڕێکان کاریان خەنجەر لێدانە یاخود بردنی بەرەو کاری هەڵە و توشی کێشەی بکات، کەمێکن کە بەرژەوەندی هاوڕێکەی وەک بەرژەوەندی خۆی دەوێت.

ئەسڵی هاوڕێیەتیی بریتییە لە قبوڵکردنی یەکتر و خۆشویستنی یەکتر کە ببێتە هۆی درووستبوونی متمانە لە نێوانیاندا و بڕوا بوونیان بە هەموو کردارێکی یەکتر و پاڵپشتکردنی یەکتر لە هەموو کردارەکاندا.

چەن جۆرێکی هاوڕێیەتیمان هەیە:

یەکەم هاوڕێیەتی خودایە کە پڕ سۆزترینیانە چونکە هاوڕێیەتییەک لە نێوان درووستکەر و درووستکراوێکدا بێت ئەوا جوانترین شتە چونکە خودای گەورە هەر خۆی دەزانێت بە چ جۆرێک ئەم بەندەیەی درووست کردووە و نییەتی دڵی دەخوێنێتەوە و دەزانێ چی لە دڵێتی و یارمەتی دەدات.

دووەم هاوڕێیەتییە لەگەڵ خۆتدا یەکێکە لە گرنترین شت لە ژیانتدا چونکە خۆت باشترین کەسی بۆ خۆت هیچ کەسێک بەقەدەر خۆت لە خۆت تێناگات و ناتوانێت چارەسەری کێشەکانت بکات، بۆیە هەمیشە هەوڵبدە خۆتبە و لەگەڵ خۆتبە.

سێیەم هاوڕێیەتییە لەگەڵ چواردەورتدا کە باوک و دایک و برا و خوشک و خێزان و خزم و کەسوکارن و زۆری تریش کە پێویستە لە یەک تێبگەن چونکە کەستان نییەتی دڵی کەستان ناخوێننەوە بۆیە دەبێت کێشەکانتان بە یەک بڵێن و هەوڵی چارەکردنی بدەن و یارمەتیدەری یەکتربن لە هەموو بوارەکاندا.

دەگێڕنەوە پیاوێک چوە لای ئەمرسۆن وتی:

- پێم بڵێ من کێم؟

- وتی هاوڕێکانتم پشان بدە پێت دەڵێم کێیت؟

چونکە هاوڕێ کاریگەرییەکی زۆرزۆر لەسەر ژیانت درووست دەکات و دەتوانێت بە هەموو ڕێچکەیەکدا بتبات و بتگۆڕێت بە هەموو ئاڕاستەیەکدا.

پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) فەرموویەتی: مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی بۆیە وریابە هاوڕێیەتی کێ دەکەیت.

با ئێمەش هەوڵبدەین باشترین هاوڕێ هەڵبژێرین بۆ خۆمان و بیکەین بە هاوڕێگەمان چونکە دڵنیا بە لە هەر هەنگاوێکدا سوودی لێ وەردەگرین.



# بابەتی بیست و یەکەم

## عەجەب بەوەفابوون درووستکەری خۆشەویستییە لەنێو خەڵکدا

بەوەفایی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵی ئەمڕۆژەدا زۆر گرنگە ئەگەر کەسێک بێت بزانیت شایستەی بەخشینی ئەوەیە، چونکە وەفا بەخشین کارێکی زۆر قورسە کە بە هەر تاکێکی ئاسایی ناکرێت و ناتوانرێت بدرێت بە هەموو کەسێک چونکە هەموو کەسێک شایەنی ئەوە نییە کە تۆ ئەو متمانەیەی پێ ببەخشیت و بڕوا بەوە بکەیت کە پارێزگاری لەو ئامانەتە بکات کە تۆ پێی دەدەیت، کارێکی زۆر جوانە کاتێک تۆ بڕوات بە کەسێکە، پڕ بە دڵ هەستدەکەیت لە هەستەکانت تێدەگات و گوێت بۆ ڕادەگرێت.

زۆر جوانە کاتێک یارمەتیت دەدات، زۆر جوانە کاتێک دەستت دەگرێت و تا لوتکە دەتبات، زۆر جوانە کاتێک هاوکارت دەبێت لە هەوڵ و تێکۆشانەکانت.

ئاخۆ چەن ناشرینە کاتێ خیانەت دەکات لەو بەوەفابوون و بڕوایەی تۆ پێت داوە، ئای چ هەستێکە کاتێک تۆ پڕ بە دڵ بڕوات پێکرد ئەویش وا خۆی دەرخست کە گرنگیت بۆی.

بەڵام وابوو، نا..نا.

زۆر کەم ماون کە یارمەتیت دەدەن، زۆر کەم ماون کە گوێت بۆ ڕادەخەن، زۆر کەم ماون کە هەوڵی چاک کردنت دەدەن.

دڵنیا بە خێزانەکەتی لێ دەرچێ هیچ کەسێک تا سەر بۆ تۆ نییە، هیچ کەسێک بە ئەندازەی خۆت ناتوانێت گوێ لە کێشەکانت ڕاگرێ.

چونکە هەمووان کێشەیان هەیە، تەنها تۆ کێشەت نییە، تەنها تۆ توشی ناخۆشی نەبووی. ڕۆژگارەکە وایە، زۆربەی توشی خەمۆکی بووە بەهۆی کێشە زۆرەکانی ژیانییەوە.

بەڵام چەند جوانن ئەوانەی کێشەی خۆیان وەلا ناوە و یارمەتیت دەدەن.

ئاخۆ چەند جوانە تۆش بە هەمان شێوە بیت بۆ ئەوانە، چەند جوانە شتەکان بە چاو یەکدیدا نەدرێنەوە، چەند جوانە هاوڕێکان هاوڕێی ڕاستەقینەی یەکتر بن، چەند جوانە کە تەنها بە قسەیەکی ئەرێنیش بێت دڵی خۆش بکەیت و دڵت خۆش بکات.

خۆشەویستی بەس خۆشەویستی دوو لایەنەی نێوان دوو ڕەگەزە؟


ئاخۆ ئەو هەموو جۆرە خۆشەویستییەی ترمان هەیە، هەمووی زەڕبی سفر؟

نا، هەرگیز نا چونکە هەمووان بە شتێک و بە کەسێکەوە جوانین.

هەوڵبدە ئەو شتە و ئەو کەسە بدۆزیتەوە کە تۆ پێیەوە جوانیت.

من دۆزیمەوە تۆش بیدۆزەوە، تۆ دۆزیتەوە بهێڵە منیش بیدۆزمەوە.!

مەرج نییە تەنها بە کەسێک هۆگر بیت و تەنها ئەوت بوێ چونکە دڵنیا بە لە هەر ئەگەری هەیە ناخۆشییەکدا وازت لێ بێنێت، هەموو وازهێنانێک وتەی پەشمانییەکی ڕووکەشی تێدایە کە لە ناخەوە ناوترێت تەنها بۆ دەرخستنی هەندێ درۆیە. بۆیە هەوڵبدە هەرکەسێک ئەو ئامانەتەی بە تۆی بەخشیوە هەرگیز خیانەتی لێ نەکەیت چونکە دڵنیا بە ڕۆژێک لە دەرگات دەدرێتەوە و هەمان کارت بەرانبەر دەکەنەوە.



# بابەتی بیست و دووەم

**هەمیشە لە دووەمدا دێیت**

هەرکات گەشتینە ئەو ڕاستییەی کە ئێمە کەسی یەکەم نین لە ژیانی بەناو دۆستەکانماندا زیاتر و زیاتر لەو ڕاستییە تێدەگەین کە دونیا لە دوو وشە کۆدەبێتەوە ئەویش(نفسي-نفسي)ـە واتا (خۆم-خۆم)، کاتێک گەشتینە ئەم خاڵە بۆمان دەبێت بە (نقطة) نوقتە سەری دێڕ، بەڵام ئایا ڕێڕەوی داهاتوو چییە، چۆنە، کەی دەبێت.. ڕاستە یا هەڵە، گۆڕاوە یا چونییەکە؟

دەتەوێ بگەیت بە چی لە خوێندنەوەی.!

بۆ وەڵام دەگەڕێیت؟ بۆ کام پرسیار..! ئەسڵەن من ئەپرسم پرسیارێک لە ئەزەلدا بوونی هەیە؟

گەر هێشتا ڕوون نییە وەڵامەکە خۆتی..

تۆ خۆت یەکەمی خۆتی، لات گرنگ نەبێت کێ دەسووتێت، پێویستە بژین، با ئەمە گەر بە مەرگی ئازیزانیشت بێت ئەنجامی بدە کە تۆ یەکەمی خۆتی، تەنها خۆت دەتوانیت وەک خۆت لە خۆت تێبگەیت، تەنها خۆتیت دەتوانیت کێشەکانت چارەسەر بکەیت.

هەرگیزاوهەرگیز هیچ کەسێک و هیچ شتێک ناتوانێت بۆت ببێت بەقەد ئەو شەوانەی کە بە تەنها دادەنیشیت و گفتوگۆ لەگەڵ خۆت دەکەیت و باسی ئەوە دەکەیت کە چیت کردووە و گەشتویت بە کوێ و بۆ چیتر هەوڵدەدەت و دەتەوێت بگەیت بە چی.

نەبوو هەر تێنەگەشتیت؟!

با بۆت ڕوونبکەمەوە..

چەند جار بووە لەگەڵ پەیوەندییەکیان پێتەوە پاش چەن خولەکێک لایان ئامادە بوویت.!

ئەوان وابوون بۆت؟

چەند جار شەونوخونیت بەدیار گوێگرتن لە خەمەکانیانەوە کردووە.!

کەس گوێی لە کێشەیەکت ڕاگرت بۆ تەنها خولەکێکیش؟

هەبووە وەڵامدانەوەی مەسجێکیان لە خولەک تێپەڕبکات.!

وەڵامیشت نەدەنەوە ئاساییە، چوونکە ئەوان لە بەتاڵیدا سەرقاڵن؟

چەندین جار کێشەکانت بۆ چارەسەر کردن.!

هەر پێشیان نەزانی، ئاساییە تۆ هیچ هەستت نییە.

تۆ تەنها کاتەکانی خۆتت بەوانەوە کوشتوە وازبێنە لەوانە تەنها ژیانت بەفیڕۆ دەدەن و هیچی تر.

تەنها ئەو کاتە بە نرخەی تۆ هەتە دەیفەوتێنن، تەنها کاریان کوشتنی خۆت و دەروونتە و هیچی تر.

بۆیە تکایە دوورکەوە لێیان.

هەوڵمەدە بتڕوخێنن، هەوڵمەدە ژیانت بفەوتێنن، هەوڵمەدە کار بکەنە سەر کردارە ئەرێنییەکانی ژیانت، هەوڵمەدە ببنە هۆی کوشتنت، لە ناختدا دەریان بکە و با بچنە دەرەوە لێت چونکە تەنها کێشەیەکی گەورەن بۆت.

گرنگە کە ئەوەیە کە کێمان بەهێزین، من یا ئێوە.! تۆ یا ئێمە.!

هەوڵبدە خۆت بەرەو پێشەوە بەریت و بە سەرکەوتنەکانت وەڵامیان بدەیتەوە و کاتێک تۆ دەبینن لە لوتکە خۆزگەت پێ بخوازن.

هەوڵبدە خۆت چارەسەرکەری کێشەی خۆت بە.

خودای گەورە بکە بە پەناگەت.

خودا باشترینە و باشترینی خۆش دەوێت.



# بابەتی بیست و سێیەم

ئەوەی ڕێزی دەگریت بێڕێز سەیرت دەکات

بۆ دەبێت هەرچی تۆزێ ڕێزت لێگرت ئیتر خۆی بە گەورە ببینێ؟ یاخود تۆ لە ئاستێکدا ببینێ کە تۆ خۆت کەم کردبێتەوە بۆ ئەو و مەمنونی ئەو بیت؟

نا..دڵنیابە لە بیرکردنەوەکەتا زۆر هەڵەیت کە وات دانەوە..!

ئەو کەسەی ڕێزت دەگرێ ئەوا نرخێ تایبەتی بۆ تۆ داناوە و نایەوێت لەدەستت بدات و نایەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان دڵت ئازار بدات چونکە لەواچێ زۆرجار هاوخەم و هاودەردت بووبێت لەگەڵتدا و یارمەتی داویت گەر بە دوو وشەی خۆشیش بێت. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو خاوەن هزرەکەمانە وا بیردەکەنەوە کە تۆ تەنها ڕۆبۆتێکی لەبەردەستیاندا کەی دڵخۆش بوون گاڵتەت پێبکەن و کەیش خەفەت بار بوون لای تۆ بیرڕێژن.

باشە ئەویش ناتوانێت وەک تۆ بێت، ناتوانێت خراپ بێت؟


بەڵێ و زۆرباشیش ئەتوانێ بەڵام (هەست و شعور )ـی هەیە و نایەوێت بە دەستی خۆی ئازیزێکی لەدەست بدات.

بەڵام ئیتر بەسە و جێی قبوڵ نییە هەردەم ئێوە لە سەرەوە بن کاتی ئەوەیە پەیژەکەتان بجوڵێنرێت و بکەوێنرێنە خوارەوە چونکە بەس گەورەکراوێکن و خراونەتە سەرەوە ئەگین دڵنیا بە هیچ نین.

پیرەمێرد زۆر جوان دەفەرمووێ:

{ڕەسەن ڕێزت گرت شەرمەزاردەبـێت

بــەڵام نــاڕەسـەن تــا بـێ هـاردەبــێت}



# بابەتی بیست و چوارەم

خۆشبەختی و ژیان لە سەرچاوەیەکەوە دێتە بوون

خۆشبەختی و ژیان لە سەرچاوەیەکەوە دێتە بوون کە هەریەک بە جۆرێک سەیری دەکات و قەدری ئەو سەرچاوەیە دەگرێت کەمن ئەوانەی بە چاوی بە نرخ سەیری دەکەن.

خێزان (دایک و باوک) یەکێکە لە هەرە گرنگترین و بەنرخترین سەرچاوەی ژیان کە بەداخەوە زۆرێک بەقەدەر نرخی خۆی سەیری ئەو گەوهەرە ناکەن وە زۆرێکیش بێبەش بوون لێی.

خێزان شوێنی(گوزەران + خۆشبەختیی + پەروەردە + پێگەشتن)ـە تێیدا کە ئەمانە هەمووی سەرچاوەی سەرەتاییە و لێرەوە دەستپێدەکات.

هەرکاتێک لە ناو کۆمەڵگەدا کارێکی (باش یان خراپ) بکەین ڕاستەوخۆ دەوترێت "ئەوە وێنەی ماڵەوەیەتی کە لێرە دەری دەبڕێت".

گەر تۆ لە ماڵەوە باوک و دایکت شەڕ و ناخۆشییان و بێت و وشەی نەشیاو بگوترێت لەو ماڵەدا ئەوا دڵنیا بە تۆش کە دەچیتە دەرەوە هەمان قسەکانی ماڵەوە دووبارە دەکەیتەوە.


بەڵام گەر باوکێک یان دایکێک ڕۆژانە قسەی باش بۆ منداڵەکانیان بکەن و ڕێی ڕاستیان پشان بدەن و ئامۆژگاریان بکەن ئەوا دڵنیا بە ئەو منداڵە کاتێک دەڕواتە ناو کۆمەڵگە هەم ڕێگە ڕاستەکە بە خەڵک دەڵێت هەم بە کردەوەکانی پیشانی دەدات کە پەروەردەی دەستی کێیە..!

سوپاس بۆ خودا کە ئێمە لە وڵاتێکین زۆرینەی موسوڵمانە و بڕوامان بە خودا و دینەکەمان هەیە کە ئەمەش ڕێگەیەکی گرنگە بۆ دایک و باوکان کە لە ڕێیەوە پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن بە باشترین شێوە گەر لە ڕێی مزگەوت بێت یاخود نموونەی پێغەمبەران درود و سەلامی خودایان لێبێت، یاخود بە هاوەڵە بەڕێزەکان ڕەزای خودایان لێبێت بگێڕنەوە بۆ منداڵەکانیان و لە منداڵییەوە پڕیان بکەن لەو شتانە تاوەکوو کاتێک کە گەورەش بوو شتی خراپ داگیری نەکات تەنها شتە باشەکان هەبێ لە مێشکیدا و کۆمەڵگەیەکی تەندرووست درووستت ببێت.

وە هەر منداڵێک ئەو نازەی لە ماڵەوە دەبێت وەری بگرێت وەری نەگرت ئەوا دڵنیا بە هەوڵەدات لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا بە شێوەیەکی نادرووست وەری بگرێت کە زۆر کاریگەری نەرێنی لەسەری درووست دەکات..!

وە پێویستە دایک و باوک بزانێ کێ هاوڕێی منداڵەکەیەتی چونکە هاوڕێ کاریگەری فکری زۆرزۆر هەیە لەسەرت و دەتوانێت بە هەزاران شێوە بگۆڕێت هەر وەک پێغەمبەر ( ﷺ ) فەرموویەتی: «المرء على دين خليله فلينظر أحدكم من يخالل.»

واتە: مرۆڤ لەسەر ئایینی هاوڕێکەیەتی با هەر یەکێک لە ئێوە بڕوانێت و بزانێت هاوڕێیەتی کێ دەکات.



# بابەتی بیست و پێنجەم

سەرت بەرز بکەرەوە ، ڕۆژانی باشتر لە ڕێگەیە

ئەو خەڵکە بۆ وا بێئومێدن لە ژیان و لەو ڕۆژگارەی پێیداتێپەڕ دەبین، ئایا ئەو خەفەت و ناڕەحەتیانەی دێتە ڕێت تەنها بەسەر تۆ دێت؟

نا هەرگیز نا، هەرکەسەو بە دەردێک دەناڵێنێ بەڵام کێ سەرکەوت بەسەریدا و نەیهێشت زاڵ بێت ئەوە پاڵەوانە سەرەکییەکەیە.

تۆ سەیرێکی خۆت بکە و بە خۆت بڵێ، چی وای لێ کردوویت وا بتمرێنێ، چی وای لێکردوی وا بێئەمەلت بکات؟

خۆشەویستییەکی ناشەرعی هیچ؟ خۆشەویستییەکی تاک لایەنە کە لایەنی دووەم هیچ حسابێکت بۆ ناکا، خۆشەویستییەک کە تەنها گوناهێک بۆ خۆت زیاد دەکەیت و هیچی تر، خۆشەویستییەک کە باش دەزانیت هیچ دوایەک و دواڕۆژێکی تێدا نییە بۆت.

جەختی من زیاتر لەسەر خۆشەویستییە ناشەرعییە هیچەیە کە زۆربەی گەنجە کەم فامە مێشک وشکەکان توشی بوون.

تەنها لەبەر ئەوەی کچێک یا کوڕێکت ناسیوە ئیتر مانای ئەوەیە خۆشی دەوێیت و دەبێت خۆشت بوێت؟

نا هەرگیز خۆشەویستییەکی تا سەر لەم ڕێگەیەی تۆوە درووست نابێ،

گەر دروستیش بێت دوای هەندێ بەڵێنی باق و بریق لایەنێکیان وازدێنێ و جودا دەبێتەوە.

جا هەر جودا بوونەوەیەک دەبێتە هۆی درووستبوونی هەزاران خەفەت بۆ هەردوو لایەن کە لە زۆربەی هەلی گەنجایەتی و هەرزەکاری خۆیان دووریان دەخاتەوە و بێبەشیان دەکات لێی تا وای لێ دێت کە هیچ هیوا و خۆشییەکی بۆ ئەو ژیانە نامێنێ کە تێیدا دەژی و هەموو ڕۆژێکی مردنێکە بۆ خۆی.

بۆیە تا بەو ڕێگەو ناڕەحەتییەدا تێپەڕ نەبی هەوڵمەدە توشی هیچ هەڵەیەک ببیتەوە.

تەمەنی گەنجی و هەرزەکاری تەمەنێکی زێڕینە نابێ لە کیس بدرێت، نابێت بە هەندێ شتی پوچەوە بە فیڕۆی بدەیت و خۆتی بۆ تێک بدەیت، هەوڵبدە بۆ ئەو ئامانجەی کە هەتە، تۆ چەندین ڕێگەی جوان لەبەر دەمتدایە بۆ سەرکەوتن بەسەریدا تا بتوانی ژیانت زۆر جوانتر بکەیت لەوەی کە هەیە.

چەندین هەل هەن کە دەتوانیت بیانقۆزیتەوە و بیکەیت بە ڕێگەیەک بۆ باشکردنی ژیانت بە جوانترین و باشترین شێوە کە بتوانیت داهاتویەکی گەشی بۆ خۆت و خانەوادەکەت پێ بەرهەم بێنیت.

وە لە کۆتاییدا ئەوە بزانە ئەوەی کە ڕودەدات ویستی خودایە، ویستی خوداش باشترینە.

(نزیک بە لە خودا، نزیک دەبی لە خۆشبەختی)

{وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ}(البقرة ١٨٦)

ئەی محەمەد (ﷺ) ئەگەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هاناو هاواری دوعاکانیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوە و نزابکەن، دەبا ئەوانیش بەدەم بانگەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامەزراو بە من بهێنن، بۆ ئەوەی ڕێگەی هۆشیاری و ئاگایی بگرنەبەر (بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزی و سەرفرازی هەردوو جیهان).



# بابەتی بیست و شەشەم

## بەرەو داهاتوویەکی گەشتر

هۆکاری نووسینی ئەم پەرتووکەی من تەنها باسکردنی کێشەکانی خۆم و ژیانی خۆم نەبوو من تاکە ئامانجم باسکردنی کۆمەڵێک کەلێنی نێو کۆمەڵگە بوو کە هەموومان پێکەوە چاکی بکەین.

ویستم پێکەوە هەوڵبدەین کە دەرگا داخراوەکان بکەینەوە، ئەو هیوایانەی نەماون بیانگەڕێنینەوە، ئەو فرمێسکانەی ڕژاون بیانسڕینەوە، ئەو خەندانەی نەماون دروستیان بکەینەوە، ئەو پەیوەندییانەی نەماون پێکی بێنینەوە، ئەو دەستانەی لەرزاون پتەویان بکەینەوە، ئەو هەستانەی ڕوشێنراون چاکیان بکەینەوە، ئەو دڵانەی شکێنراون پێکیان بێنینەوە، ئەو خۆشەویستیانەی لێک ترازاون بیانخەینەوە جێی خۆی، ئەو دەروونانەی ڕوخاون دروستیان بکەینەوە. هەموومان کێشەیەکمان هەیە لە ناخ و دەرونماندا کە کەس هەستی پێ ناکات تەنها هەندێ ئازیز نەبێت کە لامان باس کردوون.

ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە یارمەتیت دەدەن، ئەو کەسانە بکەنە هاوڕێتان کە چارەسەرکەری کێشەکانتان.

هەوڵەکەمان بێ سوود نابێت دڵنیام لەوە چونکە ئەوەی باسم کرد زۆر بوو هەرکەسێک تێبفکرێ دەزانێت وتومە چی و مەبەستم لێی چییە.

من دەستم خستە سەر کۆمەڵێک کێشەی زۆر کە تەنها کێشەی من نەبوو کێشەی کۆمەڵانێک بوو.

من دەستم خستنە سەری و دیاریم کردن کە چی و چین، هۆکارەکانیانم دیاری کرد و هەوڵی چارەسەکردنیشم دا، هەوڵمدا یارمەتیت بدەم لە ژیانتدا چونکە نووسینەکان هۆکارێکن بۆ چارەی دەروونەکان.

من نووسیم و تۆش خوێندتەوە ئەمە کارێکی ئاسان بوو، گرنگەکە ئەوەیە کە تۆ لێم تێبگەیت و هەوڵم لەگەڵ بدەیت، بە کۆششی من و تۆ دەتوانین بیگۆڕین.

خودای گەورە جوانترین قەدەری بۆ داناوین، ئەی بۆ هەوڵی بۆ نەدەین.!

من و تۆ، دەست لە ناو دەست بەرەو هەنگاوێکی گەورەی تر، گرنگ نییە چەند هەنگاو شکستت هێنا.

گرنگ نییە چەندێک کەوتیت، گرنگ نییە چەند و کێ لەگەڵت بوون لە کاتی کەوتنتدا، گرنگ نییە کێ دەستی گرتی بۆ هەستانەوەت، گرنگ ئەوەیە هەستایتەوە.

گرنگ ئەوەیە تۆ ئەو هەنگاوە گەورەیەت نا کە زۆر کەس لێی بێ بەشە، گرنگ ئەوەیە کە تۆ بڕوات بە خۆت بوو کە بتوانیت بەردەوامبیت لەو کارە، گرنگ ئەوەیە تۆ خۆتت نەدۆڕاند، گرنگ ئەوەیە خۆتت بە کەم سەیر نەکرد، گرنگ ئەوەیە کە بەرەو پێشەوە دەڕۆیت، گرنگ نییە چەندێک بەرەو پێشەوە دەڕۆیت، گرنگەکە ئەوەیە کە هەر دەڕۆیت. تکایە بەردەوامبە لەسەر ئەم ڕێچکەیەی گرتوتەتە بەر، تکایە هەوڵمەدە لارییەکت تێدا درووست ببێت، تکایە هەوڵمەدە کۆمەڵگەلێ قسە کارت تێبکەن.

تۆ بەهێزیت، تۆ دەتوانین، تۆ توانای زاڵبوونت هەیە بەسەریدا.

گرنگ نییە تۆ چ ڕەگەزێکی چ نەتەوەیەکی چ کەسێکی، گرنگ ئەوەیە تۆ بڕوات بە خۆتە.

گرنگ ئەوەیە دەتوانیت بڕۆیت بەرەو پێشەوە، گرنگ ئەوەیە هەوڵە گەورەکەی خۆتت ناوە کە تەواوکەرەکەیت داوەتە دەست خودا، گرنگ ئەوەیە کە زانیوتە هەتا ئێستا بۆ چی و بۆ کێ دەژیت، گرنگ ئەوەیە کە وانەت وەرگرتبێت لەو هەڵانەی کردووتە لەو کەسانەی کە ناسیوتن لەو ڕوداوانەی بەسەرتدا هاتوون، گرنگ ئەوەیە کە تۆ هەنگاوی کۆتاییت ماوە ئەویش سەرکەوتنتە و کە تۆ لە سەرکەوتنەوە نزیکی، گرنگ ئەوەیە کە تۆ ڕۆژێک هەر دەگەیت پێی جا ئێستا بێت یا دوایی.

ژیانت پێ گرنگ بێت، کاتت پێ گرنگ بێت، هاوڕێکانت پێ گرنگ بێت، وانەکانت پێ گرنگ بێت، وەڵامەکانت پێ گرنگ بێت، ڕەفتارەکانت پێ گرنگ بێت، خۆتت پێ گرنگ بێت، خودات پێ گرنگترین بێت.

وابزانم هیچ شتێک نەماوە کە من بتوانم بۆت ئەنجام بدەم، من پێتم وت کەوتۆتە سەر خۆت کە چۆن جێبەجێی دەکەیت، بە گوێکردنی من خۆت باشتر دەزانیت کە لە سودتە یا زەرەر.

بۆیە لێرەدا من دەمەوێت بڕیاری کۆتایی بدەمە دەست خۆت کە تۆ هەوڵی بۆ دەدەیت یاخود نا.!

بە هیوام ڕۆژانێک کۆمەڵێک کەسان ببینمەوە کە ئێستا کەوتوون بەڵام هەستاونەتەوە و گەیشتونەتە لوتکە.

بە هیوام هەردەم بتان بینمەوە لە لوتکەدا.

چونکە سەرکەوتن خۆشترین هەستتە خۆشترین کات و ساتە بۆیە هەتا هەوڵی بۆ بدەیت کەمە، دڵنیا بە لە کۆتاییەکەیدا ماندووبوونەکەت بیرت دەچێتەوە.

مرۆڤەکان بۆ ئەوە دەژین کە هەوڵبدەن.

تۆش مرۆڤیت

نە لە کەس زۆرتری نە لە کەسیش کەمتر.

خۆتت خۆشبوێت.


بڕوات بە خۆت و خوداکەت ببێت.

خودا یار و یاوەرتان بێت...

# کۆتای:

لە کۆتاییدا من ئەوەی ویستم بیڵێم و لە ناخی دڵمدا بوو نەمتوانی بە ووتن دەری ببڕم بۆیە بڕیارم دا بینووسمەوە بۆیە دەڵێم:

**(ئەم کۆتایی پەرتووکە با سەرەتایەک بێت بۆ ژیانێکی نوێ)**



# ڕازی خۆت بنووسە:

2023